# پشتی پەردەی بێحورمەتییەکانی جیناحی مستەفا هیجری بە مام جەلال و یەکێتی نیشتمانی کوردستان .. سادق

دوای ئەوەی هەوڵی باڵی دەسەڵاتداری حیزبی دیموکرات بۆنیشاندانی دەست تێدابوونی کۆماری ئیسلامی لە حەرەکەتی ریفۆرمخوازانەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی ئەم حیزبەدا لەقاودرا و، سیناریۆکەیان لەم پێوەندییەدا پووچەڵ کرایەوە، ماوەیەکە خەریکی بەڕێوەبردنی پلانێکی دیکەن. پلانەکەیان ئەوەیە ئەمجار یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان وەک هاندەری ئەم حەرەکەتە بناسێنن و بە دەست تێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی حیزبی دێموکراتدا تاوانباری بکەن و، خۆبواردنی خۆیان لە قبووڵی داوا رەواو دێموکراتیکەکانی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە، وەک "سەربەخۆییخوازی"و"سەربەخۆیی پارێزیی" پێشان بدەن.

بۆ ئەم مەبەستە، سەرەتا هەواڵێکی سەرتاپا درۆیان نارد بۆ ماڵپەڕی "کوردستان تی ڤی" تا لە زمانی "سەرچاوەیەکی ئاگادار لە نێوخۆی حیزبی دێموکراتدا کە نایهەوێ ناوەکەی ئاشکرا بکرێ" بڵاو ببێتەوە. چ کەسێک ئەم هەواڵەی لە ژێر سەردێری "عەبدوڵڵا حەسەنزادە هەڕەشەی هێنانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ سەر حیزبی دێموکراتی ئێران دەکات"دا بڵاوبۆوە دا بە "کوردستان تیڤی"؟وەک زانیومە یەکێک لە بڕیاربەدەستانی ئەم باڵەو دەمڕاست و چاوساغی سکرتێر لە سکرتاریا، لەگەڵ سەفەری مانگانەی خۆی بۆ کارێکی تایبەت (کە ڕاست لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵەدا بووە) بە دەستی خۆی ئەم هەواڵەی بۆ "کوردستان تیڤی" بردوە. لەوانەشە دوای تەنسیقی ناوبراو لەگەڵ کەسانێکی تایبەت، هەواڵەکە هەر بە ئیمەیل و لە سکرتاریاوە ڕەوانە کرابێ. بەڵام ئەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. گرنگ ئەوەیە دوابەدوای وەدرۆخرانەوەی ئەم هەواڵە لە لایەن بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادەوە، و ئاگادار بوونی بەرپرسانی سەرووی پارتی دیموکرات لە بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لە ڕاگەیەنێکی پارتەکەیان دا ـ کە نیوەڕۆکەی هەم دژی دۆستایەتی و هاوپەیمانیی یەکیەتیی و پارتی بوو، هەم بێ لایەنبوونی ڕاگەیاندنی پارتیی لە کێشەنێوخۆییەکانی حیزبی دێموکراتدا بەزاندبوو ـ دەست بەجێ لەو ماڵپەڕە لابراو، جێگای خۆی دا بە ڕوونکردنەوەی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە.

سەرنجراکێش ئەوە بوو ئەم هەواڵە سەرتاپا درۆیە، لە لایەن دەست و پێوەندەکانی باڵی دەسەڵاتداری حیزبی دێموکرات لە دەرەوەو ژوورەوەی کوردستان، گورج و خێرا و وەک هەواڵی دەسکەوتێکی گرنگ، بەم و بەو ڕادەگەیەندراو، خۆشحاڵیی خۆیان لە بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە بۆ نەدەشاردرایەوە. بەڵام کاتێک "کوردستان TV" بەم کارە هەڵنەسەنگێنراوەی خۆی زانی و هەواڵە درۆیەکەی بۆ نێو سەتڵی زبڵ فڕێ داو، ڕوونکردنەوەی بەڕێز حەسەنزادەی لە جێگا دانا، جەماعەتی باڵی دەسەڵاتدار، گەشە و نەشەیان لێ تێک چووو، لەوە کە هەوڵەکەیان بۆ بوختانکردن بە ڕێبەرێکی لەمێژینە و خاوەن خزمەتی حیزبەکەی خۆیان، لە لایەن تەلەڤیزیۆنی پارتییەوە پووچەڵ بۆوە، وەک لۆتیی مەیموون مردوو، ملیان کز کردو سەریان بەردایەوە.

ڕوونکردنەوەی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەر بوختاننامەی "سەرچاوە بەناو ئاگادارو خۆنەناساندوو"ەکەی سەر بە باڵی هیجری و، وتووێژەکەی بەڕێز چەکۆ ڕەحیمی بەرپرسی کۆمیتەی ئەمنییەتی حیزب لەگەڵ حەوتوونامەی "ئاوێنە" (ژمارە 41)، ئەم دەرفەتەی بۆ دەست و پێوەندەکانی باڵی دەسەڵاتدار هێنایە پێش تا وێڕای هێناگۆڕی ئەو قسانەی هیچ کات نەیانوێراوە بە ئاشکراو بە ناوی خۆیان بیکەن، کۆمەڵێک بوختان بدەنەوە پاڵ بەڕێز حەسەنزادە و ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی ئەم حیزبە. لێرەدا نامەوێ لە سەر نێوەرۆکی وتووێژەکەی بەڕێز چەکۆ ڕەحیمی و زانیارییەکانی ناوبراو لە بارەی کاری دەزگای ئیتلاعاتی ئێران لە کوردستان و هەڵوێستی حیزب و

ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان لەو بارەوە بدوێم. هەر ئەوەندە دەڵێم ئەگەر قسە و زانیارییەکانی ئەو بەڕێزە، سیاسییانە و لە جێی خۆیان دابان و ڕاگەیاندنیان لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا کارێکی گونجاو بوایە، "سکرتاریا"ی حیزبەکەی، بەرپرسایەتیی قسەکانی دەزگای ئەمنییەتیی خۆی لە ئەستۆی خۆی لانەدەبرد. (بڕوانە ڕوونکردنەوەی سکرتاریای حیزب لە سەر ڕوونکردنەوەی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان) . ئەوەی لێرەدا مەبەستی منە، نەک باس لە نێوەرۆکی قسەکانی کاک چەکۆ، بەڵکوو بەرپەرچدانەوەی ئەو درۆو بوختانە ژاراوییانەیە کە قەڵەمبەدەستێکی باڵی دەسەڵاتدار بە ناوی داکۆکی لە بەڕێز چەکۆ ڕەحیمی، و لە ڕاستیدا بە نیازی چەواشەکردنی ڕاستییەکانی نێوحیزبی دێموکرات و فریودانی بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان، هێناونیە گۆڕێ.

قەڵەمبەدەستی باڵی دەسەڵاتدار، کە بەداخەوە ناوی خۆشەویستی "پێشەوا"شی بۆ خۆی وەک نووسەری بابەتێکی پڕاوپڕ لە بێڕێزی بە بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە و جنێونامەیەکی ناتەبا لەگەڵ بەرژەوەندی حیزبی دێموکرات، هەڵبژاردوە، بۆمەمانان کەسێکی ئەوەندە نەناسراو نیە. بەڵام گرنگ نەک کاراکتێرو کەسایەتی و ڕەوشتی بۆ زۆربەمان ناسراوی ئەو، بەڵکوو نێوەرۆکی نووسینەکەیەتی.

ئەو دژە پێشەوایە، بناغەی وتارەکەی هەر لە بای "بسم الله" تا تای "تمت" لە سەر بوختان و درۆ داناوە. هەر سەردێڕی وتارەکەی، پەردە لەسەر نیازچەپەڵیی ناوبراو لادەدا. چونکە هەوڵی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە و هاوبیرانی لە دژایەتی لەگەڵ دیکتاتۆری و پاوانخوازی لە نێو حیزبەکەیدا، بە "کەتن" ناو دەباو ئەم "کەتن"ەش دەداتە پاڵ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوبراو دوایە دێتەسەر ڕووداوەکانی نیوەی دووهەمی دەیەی 90ی زایینیی کوردستانی عێراق و هەموویان بە پیلانی یەکێتی نیشتمانی کە لە ڕیگەی عەبدوللا حەسەنزادەوە جێبەجێیان کردوون، ناو دەبا.

لە پێشدا حەز دەکەم بڵێم ئەو ڕووداوو کارەساتانەی لە نیوەی دووهەمی دەیەی 90ی زایینی دا لە هەرێمی کوردستان بەسەر تێکۆشەرانی دێموکرات و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانی ئێران هاتن (تیرۆرو ڕاوەدوونان و گوشاری جۆراوجۆر)، وەک خاڵێکی ڕەش و بیرەوەرییەکی ناخۆش لە مێژوودا دەمێننەوە و دەبێ دەرسیان لێ وەربگیرێ و نەهێڵرێ هیچ کات دووپات ببنەوە. بەڵام هەر لەوکاتەشدا لە دوو شتی دیکە دڵنیام. یەکەم ئەوەکە هەر کام لەو دوو حیزبە سەرەکییە کە لە دەیەی 90دا هەر یەک دەسەڵاتی بەشێک لە کوردستانی عێراقیان بە دەست بوو، هەر لە ڕۆژی هەوڵی دامەزرانیانەوە، بۆ خزمەت بە کوردو بەرەوپێشبردنی خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی گەلی کورد دروست بوون و، ئەگەر هەڵوێست و کردەوە و ڕەفتارێکی نەگونجاو و نەخوازراویان لە هەمبەر هێزو ڕێکخراوێکی سیاسیی بەشێکی دیکەی کوردستان لە بڕگەیەک لە مێژووی خۆیاندا هەبووە، لە ڕووی ناچاری یا لە ئاکامی هەلومەرجێکی نەخوازراوو داسەپاو دابووە. دووهەم ڕاستی ئەوەیە کەمتەرخەمی لە ئاست ئەمنییەتی تێکۆشەران و پەنابەرانی کوردی ئێرانی و، پێکهێنانی گوشارو بەربەستی جۆراوجۆر لە سەر ڕێی تێکۆشان و هەڵسووڕانی ئەوان، تایبەت بە یەکێک لەم دوو حیزبە، یا ناوچەیەکی تایبەتی نەبووە.

بەڵام نووسەری بوختان نامەکە تەنیا باسی لەخوێندا شەڵاڵ کرانی خەباتگێڕانی کوردستانی ئێران و پێشمەرگەکانی دێموکرات لە خەلەکان، دووکان، دەروازەی شاری کۆیە، تاسلووجە، بازیان و زۆر شوێنی دیکەی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا دەکاو نەک هەر یەکیەتیی نیشتمانی بەڵکوو عەبدوڵڵا حەسەنزادەی سکرتێری ئەو کاتی حیزبیش لە ڕژانی ئەو خوێنانەدا بە بەرپرس دەزانێ. هەروا بزانە لە "دیانا"و "حامیە"و "باسرمە"و گەلی عەلی بەگ"و جێژنیکان"و نێوشاری هەولێر، هیچ کوردێکی ئێرانی بە تاک و بە کۆ نەکەوتوونەتە بەر دەسڕێژی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی یا بە زیندوویی نەگیراون و تەحویلی ڕێژیمی ئێران نەدراونەوە! یا وا بزانە کردەوەی لەم چەشنە لە دژی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەنجام نەدراون!

تیرۆری تێکۆشەرانی دیموکرات و پەنابەرانی کوردی رۆژهەلات و رفێندران و تەحویلدرانەوەیان یا پەلامارو لەشکرکێشی بۆ سەر ئەوان لە هەر شارو گوندو ناوچە و ولاتێک روویدابێ، هەر تاوانە و شیاوی مەحکووم کردن. بە پێچەوانەی درۆی بێشەرمانەی ئەم قەڵەم بە دەستەیش، سکرتێرو رێبەریی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات، بە شایەدیی چاپەمەنیی حیزب و ئارشیڤی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، نەک هەر لەم جۆرە تاوانانە بێدەنگ نەدەبوون، بەڵکوو بە توندی مەحکوومیان دەکردن و بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و جیهان و، داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ لە ئاستی دنیایاندا لێ ئاگادار دەکردن. لێدوان، وتووێژ، راگەیاندراوو روونکردنەوەکانی بەڕێز حەسەنزادە و رێبەریی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات لە بارەی زۆر کردەوە و رەفتاری ناڕەوا بە دژی ئەم حیزبە و رێکخراوەکانی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستان، ئێستاش لە ئارشیڤەکاندا هەن. با ئەوانەی لەو پەڕی بێشەرمی و بێ نەزاکەتی دا حەسەنزادە وەک هاودەست و شەریکەتاوان ناودەبەن، هەڵوێست و لێدوانەکانی بەڕێزیان لە بارەی زۆر لە رووداوەکانی ئەوکاتی ناوچەی ژێردەسەلاتی یەکیەتی (وەک داخرانی رادیۆیدەنگی کوردستانی ئێران، هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزب، رووداوی سۆسێ و کارەساتەکەی دەروازەی کۆیە)، لەگەڵ ئەو راگەیەندراوە بەراورد بکەن کە بەڕێز هیجری، لە کاتی سکرتێریی خۆی لە رێبەندانی 1995دا، لە بارەی پەلامارە سەدان کەسییەکە بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە "باسرمە" نووسیبووی. ئەو کات تێ دەگەن راشکاوی و ئازایەتیی سیاسی لە کام یەک لەو دوو جۆرە هەڵوێستانەدا هەن.

دژە"پێشەوا"ی قەڵەمبەدەستی باڵی دەسەڵاتداری حیزبی دێموکرات، جیاوازیی نێوان هەڵوێست و دەربڕینی سیاسی و حەکیمانە لەگەڵ هەڕەشە و گوڕەشە و جنێوفرۆشی و دژکردەوەی ئیحساسی و کورتبینانە تێ ناگا. ئەگەر سکرتێرو رێبەریی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات خۆیان لە هەڵوێست و دەربڕینی شەڕهەلایسێنانە بواردوە، لە بەر هەست کردن بە بەرپرسایەتی و سیاسەتە دروستەکانی حیزب و بەرژەوەندی حیزبی دێموکرات و قووڵ نەبوونەوەی برینەکان و دواڕۆژی جووڵانەوەی کورد بووە. ئێمە ئەوکات بە چاوی خۆمان نموونەیەک لەم جۆرە هەڵوێست و دەربڕینە بە رواڵەت ئازایانەمان! لە بەڕێزێک بینی. کاتێک لە هاوینی 1996دا یەکیەتی ناچار بە پاشەکشە بەرەوئێران بوو، جەنابی لە کۆبوونەوەیەکی گشتی دا، ئەو رووداوەی نەک جارێک چەند جار وەک "ئاشبەتاڵ" ناوبرد! بەلام دەوروبەریمانگێک دواتر کە هێزەکانی یەکیەتی گەڕانەوە و بوونەوە بە دەسەڵاتداری ناوچەکە، ئەو بەرێزە وەک نەبای دیبی و نەباران، کۆڵان بە کۆڵانی دێهاتی نێوان کۆیە و پیرەر بە دوای دیدارێکی کاک کۆسرەت دا دەگەڕاو بە چەندین رۆژ، چاوەڕوانی ملاقاتێکی ناوبراو دەمایەوە!

بەڕاستی ئەوانەی سکرتێری ئەوکاتی حیزب بە بێدەنگبوون و خۆکەڕکردن لە ئاست "کەتنەکان"و تەنانەت شەریک و بەرپرسی ئەو رووداوانە تاوانبار دەکەن، ئایا کاتی خۆی رێگایەک بێجگە لە مەحکوومکردنی ئەو کردەوانە و، رەخنەگرتن لە هێزە دەسەڵاتدارەکان و درێژەدان بە کارو تێکۆشان سەرەڕای ئەم هەلومەرجە دژوارەیان، شک دەبرد؟ داخوا ئەوان ناوچەیەکیان لە کوردستانی عێراق شک دەبرد کە دەستی تیرۆری کۆماری ئیسلامی نەیگاتێ؟ هێزێکیان شک دەبرد کە حیزبی دێموکرات لە ژێر سێبەری خۆیدا بحاوێنێتەوەو لەم جۆرە رووداوانە، بیپارێزێ؟ دیارە من ئەو کات بۆ خۆم لە کوردستان بووم و باش لە بیرمە هێندێک لە سەردەمدارانی ئەمڕۆی حیزب، ئەو کات چونکە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراقدا، هیچ شوێنێکی وا ئەمن وهیچ هێزێکی وا ئەمینیان بەدی نەدەکرد، داوایان دەکرد کوردستان بەجێ بێڵین و بچینە ناوچەی ژێر دەسەلاتی حکوومەتی بەعس! بەڵام زۆر ئەندامی رێبەری و لە سەرووی هەمووانەوە حەسەنزادە بە تەواوی دژی ئەو بۆچوونە بوون و دەیانگوت مەبەستی کۆماری ئیسلامی لەو هەموو تیرۆرو وەحشەت خوڵقێنییە، راست ئەوەیە کە یا کوردستان بەجێ بێڵین یا

لەگەڵ هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی عێراق تووشی شەڕی براکوژی بین. ئێمە هیچکامیان هەڵنابژێرین و باجی مانەوە لە کوردستان و دانەبڕان لە خەڵک و وڵاتی خۆمان دەدەین.
ئەم ئیددیعایانەی ئەو جەماعەتە ئێستا دەیکەن، هەر قسەن و "قسەش ناچێتە نێو گیرفانەوە". ئێوە نەک ئەوکات، تەنانەت ئێستاش کە هەلومەرجەکە گۆڕاوەو بە تەواوی لەنێوەراستەکانی دەیەی 90 جیاوازە، ئازایەتیی ئەوەتان نیە بڵێن دیاردەی تیرۆرو غەدرو تاوان بە دژی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان، نەک لە ناوچەیەکی تایبەتی، بەڵکوو بەداخەوە لە هەموو کوردستانی عێراق برەوی هەبوو.
بەداخەوە، ئەوانەی ئەمرۆ بە فروفێڵ و تاقمبازی و دەستەبازی و پەیمان شکێنی و بڵاوکردنەوەی درۆو بوختانی ژاراوی، خۆیان بەسەر حیزبی دێموکراتدا زاڵ کردوە و، چارەنووسی حیزبیان گرتۆتەدەست، هیچ کات ئەو ئازایەتییەیان نەبووە ئەو دیعایانەی بە دزی و فزی و لە کۆڕو کۆمەڵی تایبەتی دا بڵاوی دەکەنەوە، بە راشکاوی و بە ناوی خۆیان رایان بگەیەنن. چونکە سوور دەزانن درۆ دەکەن و دەست بەجێ درۆکەیان سپی دەکرێتەوە. هەموو هونەری ئەوان لەوەدایە کە هەر کەسەی بەجۆرێک، هەر لایەنەی بە درۆیەک هەڵخەڵەتێنن و، هەر رۆژەی پەنا بۆ دەنگۆیەک و هەر جارەی دەست بۆ وەسیلەیەک بەرن تا مەبەستە ناپیرۆزەکانی خۆیانی پێ بەرنە پێش. بۆ وێنە لە مێژ ساڵە لە پەناو پەسیوان، حەسەنزادەو هاوبیرانی بە قەبوولکردنی گوشارەکانی یەکیەتیی نیشتمانی و وازهێنان لە خەباتی چەکداری، بێدەنگبوون و خۆ لاڵ کردن لە ئاست کردەوە و رووداوی دژ بە حیزب و وتنی "بەلێ قوربان" بۆ یەکیەتیی نیشتمانی تاوانبار دەکەن. بەڵام قەت ئامادە نین بۆ لایەنگرانی فریودراوی خۆیان روونی بکەنەوە ئەی ئێستا کە چارەنووسی حیزبی دێموکرات لە دەست خۆیان دایە، بۆچی بە لای وەگەڕخستنەوەی خەباتی چەکدارانە و پشتگوێ خستنی گوشارەکانی یەکیەتی دا ناچن؟ ئەگەر یەکێتی رێگای ئەمەیان پێ نادا، ئەدی لە ناوچەکانی دیکە- هەر چەند بە خۆشییەوە ئێستا حکوومەتێکی یەکگرتوو بە سەر هەموو هەرێمی کوردستاندا زاڵە- بۆ چی بانگەشە و فروفیشاڵ و وەعدەکانی پێش کۆنگرەی 13یان جێبەجێ ناکەن؟ ئەوان کە پیاوی ئەم لاو ئەولاو ئەهلی "بەلێ قوربان وتن" نین، بۆچی هەر بە یەک ئیشارەو لە ئاستی سکرتاریا (سکرتێر) ەکەیاندا بە "بەلێ قوربان" بە پێشوازی روونکردنەوەکەی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانییەوە دەچن؟ ئەگەر قەڵەمبەدەستە جنێوفرۆشەکەیان راست دەکاو رێبەریی ئێستای حیزب پیاوی " بەچاودا دانەوی هەڵەکانی یەکێتی نیشتمانی"و" لە قاودانی پێوەندییە نهێنییەکانی ئەم رێکخراوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی"و "پیاوی دەرخستنی رووی راستی رێبەرانی یەکێتی"ن، بۆچی بەرپرسایەتیی قسەکانی " چەکۆ رەحیمی"یان لە ملی خۆیان داڕنی؟ خۆ هەم ناوبراو ئەو وتووێژەی بە ئاگادارییی ئەوان کردبوو، هەم قسەکانی کاک چەکۆ زۆر لەو قسانە کە لە پەناو پەسیوان دەیکەن، نەرمترو کەمترن.
وتاری قەڵەمبەدەستی باڵی دەسەڵاتداری حیزبی دێموکرات، زۆر لەمە زیاتر هەڵ دەگرێ. بەڵام من بۆ ئەوەی وتارەکەم لەوە درێژتر نەبێتەوە، تەنیا ئاماژە بە خاڵێکی دیکەی جنێونامەی گۆڕین دەکەم. ناوبراو لە حاڵێکدا رێزو خۆشەویستی و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی حیزبی دێموکرات دەکا بە دەسمایەی هەڕەشە لە یەکیەتیی نیشتمانی، کە عەبدوڵڵا حەسەنزادەو هاوبیرانی لە نێو ئەم حیزبە، لە مێژووی پڕ شانازی و ئەم رێزو خۆشەویستی و پێگە سیاسی و کۆمەڵایەتییە، هەڵ داوێرێ و جیایان دەکاتەوە. بەڵام جگە لە تاقمێکی ساویلکەی هێشتا خۆنەناسی حاکم بە سەر حیزبی دێموکراتدا، کێ هەیە نەزانێ کە ناوو مێژوو و شانازییەکانی حیزبی دێموکرات و ئەم هەموو رێزو خۆشەویستی و پێگە فراوانەی، لە ناوو خەبات و تێکۆشانی رێبەران و تێکۆشەرە سەربەرزەکانی کە حەسەنزادە یەک لەوانە، جیا ناکرێتەوە. حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانیش زۆر باش ئەو راستییەیان بۆ

دەرکەوتوە کە ئەوانەی بە خەبات و رێبەریی ژیرانە و بەرپرسانەی درێژخایەن شانازی و ئێعتباریان بۆ ئەم حیزبە کۆکردۆتەوە کامانەن و، ئەو تاقمەش کە پرستێژو ناوبانگ و سەرمایەی مەعنەویی بەنرخی ئەم حیزبەیان هەر بە تەنیا بە دوو ساڵ و نیو دەسەڵاتدارەتیی پاوانخوازانە و نەزانانە، حەراج کردوە کێهانەن. ئەو قسانەی وتارنووسی باڵی دەسەڵاتدار، لە بارەی تایبەتمەندییە بەرزەکانی حیزبی دێموکرات لە زمانی دوکتور مەحموود عوسمانیشەوە بیستوونی و پێیان دەنازێ، لە سەردەمی سکرتێریی عەبدوڵڵا حەسەنزادەدا و بە حوزووری بەرێزیان کراون و، گومان لەوەدانیە حەسەنزادە یەک لەو پەنجەرە روونانەیە کە دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دیموکرات، لەدەلاقەی ئەوانەوە سەیری حیزبی دێموکرات و رابردوو و کردەوەو هەڵوێستەکانی دەکەن و بە مایەی شانازییان دەزانن.

لە هەق دەرنەچین، تەنیا تایبەتمەندییەکی باشی وتارنووسی باڵی دەسەڵاتداری حیزبی دێموکرات، نەتەوەیی بوون و ئۆگریی زۆری بە ئالای کوردستانە! بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەم بەڕێزە بۆچی لە ئاست پێشکێشکرانی بەشێکی بەرچاو لە خاکی کوردستان بە نەزمی ئەفشار لە لایەن سەرۆک باڵەکەیان و، بە "قەوم" ناوبرانی نەتەوەی کورد لە بەیاننامەی هاوبەشی دەمڕاستی باڵی دەسەڵاتدارو حیزبی پان ئیرانیستدا، زمانی خۆی گرێ داوەو خۆی کەڕو لاڵ کردوە؟! ئەگەر هەڵنەکردنی ئالای کوردستان بە بێ ئالای عێراق جێگای رەخنە بێ، هەرزانفرۆشکردنی خاکی کوردستان و قبووڵکردنی سووکایەتی بە نەخشە و ئالای کوردستان و رێبەران و پێشەوا شەهیدەکانی و، تەنانەت رێزلێنان و پێهەڵگوتنی سووکایەتیکەر، شوورەیی و مەحکوومە. ئەگەر پێوەندییەکی سالم و سەربەرزانە لەگەڵ پارتی و یەکێتی و هێزە کوردستانییەکانی دیکە لە سەردەمی بەڕێز حەسەنزادەدا، نۆکەری بێت، دەبێ ئەم پێوەندییەی بەڕێز هیجری لەگەڵ نەزمی ئەفشارەکان و پان ئیرانیستەکان شیاوی چ ناوێک بێ و مێژوو چۆن لەم هەڵوێستانە دەبووری؟

سادق 2006. 10. 24